# ڕاگەیاندنی ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی / فنلەند

nauand@hotmail.com

لە سەرەتای مانگی نۆی ساڵی پاردا، بۆ ماوەی نزیك بە هەشت کاژێر، کۆمەڵێك لە هونەرمەندان و نووسەرانی کوردی دانیشتووی فنلەند، کە ژمارەیان ١٣ کەس بوو، کۆبوونەوەیەکی گشتیان ساز کرد و گفت و گۆیان سەبارەت بە بارودۆخی ڕوشنبیری کوردی و ڕۆشنبیرانی کورد لە فنلەند، لە ڕابوردوو و ئێستادا کرد و ڕێگاچارەکانی باشتربوونی ئەو بارو دۆخەشیان، دایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە، یارمەتیدەر بوو بۆ سازکردنی زەمینەیەکی لەبارتر، بۆ لەدایکبوونی ناوەندێکی یەکگرتووی ڕۆشنبیری کوردی. بۆیە پاش بێدەنگییەکی کورت، کار بۆ ئەم بابەتە کرا.

بۆ ئەم مەبەستەش، بە ئامادەکاری هونەرمەندی شێوەکار سالار سۆفی، لەڕۆژی سێ شەممە بەرواری ١٩ / ٢ / ٢٠٠٢ لە ناوەندی کولتووری جیهانی ( Caisa) لە هێلسینکی، ( کۆنگرەی دامەزراندنی ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی/ فنلەند ) بەسترا.

کۆنگرە لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی، بەئامادەبوونی ١٧ هونەرمەند و نووسەر و ڕۆشنبیر، کە لە سەرتاسەری فنلەندەوە هاتبوون، دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، کە تەرخان کرابوو بۆ گفت و گۆ لە سەر بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ناوەندەکە و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن.

ئامادەبووەکان ئەم بەڕێزانە بوون ( ئەنوەر ڕەشید، ڕێبوار کەریمی، ، یوسف ئەبولفەوز، خەسرۆ پیرباڵ مەهدی خالید غەمبار، حەسیب پشدەری، درەخشان عەلی، غازی یاقوب، ئاکۆ ئەحمەد، ئاراس میلۆنە، کاردۆ شێخۆ، حەسەن زەکی، ڕێبوار قارەمانی، سوریال سەلاح هەژار، نەوال مەجید، حوسێن روبیعی، سالار سۆفی ). هەروەها بەڕێز موحەممەد قادر، هەستا بە کاری سکرتێری و نووسینەوەی کرۆکی بۆچوونەکان و بڕیارەکانی کۆنگرە.

سەربەخۆیی ئەم ناوەندە و تایبەتمەندی و سیما جیاکەرەوەکانی لە کۆمەڵە کولتوورییەکان، هەندێك لە و خاڵانە بوون، کە گفت و گۆی تێروتەسەلیان لەسەر کرا. ئەو خاڵانەی ڕای جیاوازیان لەسەر بوو، لەدوا جاردا دەخرانە دەنگدانەوە.

پاشان، لیژنەیەکی چووار کەسی، بۆ داڕشتنەوەی بەرنامە وپەیڕەوی ناوخۆ، لەسەر ڕۆشنایی بڕیارەکان هەڵبژێردرا، کەبریتی بوون لەبەڕێزان ( سالار سۆفی، خەسرۆ پیرباڵ، ڕێبوار کەریمی، حەسەن زەکی).

لە دووایيدا هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن وسەرۆك و جێگری ناوەند دەستی پێکرد. لەو کاتەدا کە سێ کەس لەبەر کەم کاتی، بۆ کاری تایبەتی خۆیان پێشتر ڕۆیشتبوون، ١٤ کەس لە دەنگدانادا ئامادە بوون.

حەوت کەس بۆدەستەی بەڕێوەبردن خۆیان پاڵاوت، لە ئەنجامی هەڵبژاردندا لەڕێی دەنگدانەوە، پێنج کەس هەڵبژێردران، کە بە پێی ژمارەی دەنگەکان و ئەرکەکانیان، بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

| | | |
|---|---|---|
| سالار سۆفی | ١٤ دەنگ | سەرۆکی ناوەند. |
| ڕێبوار کەریمی | ٩ دەنگ | جێگر. |
| خەسرۆ پیرباڵ | ٨ دەنگ | ئەندام. |
| درەخشان عەلی | ٨ دەنگ | ئاندامی یەدەگ. |
| حەسەن زەکی | ٨ دەنگ | ئەندامی یەدەگ. |

لەکۆتاییدا، ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنگرە خوێندرایەوە و لەلایەن ئەندامانەوە، بە چەپڵەوە پەسەند کرا.

لەكاتژمێر (٦) ی ئێوارە كۆنگرە سەركەوتووانە، كۆتایی بە كارەكانی هێنا.

ئەمەی خووارەوەش دەقی ڕاگەیاندنی كۆتایی كۆنگرەیە.

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

## ڕاگەیاندنی كۆتایی كۆنگرەی
## دامەزراندنی ناوەندی ڕۆشنبیری كوردی/ فنلەند

نووسەران، هونەرمەندان، ڕۆشنبیران، دڵسۆزانی ڕۆشنبیری كوردی:

دیارە ڕۆشنبیران لە جیهاندا، هەمیشە جێگای ئاواتی كۆمەڵگان و بەجێهێنەری داخوازییە مەعنەوییەكانی ئەوانن، بۆیە ئەمانیش هەمیشە پێشڕەوی كۆمەڵ بوون و لە دڕدان بە تاریكی، ڕۆڵی كاریگەریان گێڕاوە و مۆم ئاسا داگیرساون.

ڕۆشنبیرانی گەلی كورد و خەمخۆرانی ڕۆشنبیری كوردیش، هیچیان لە هاو توێژەكانیان كەمتر نییە و لەگەڵ ناهەمواری باری ڕامیاری و ئابووری و فەرهەنگی كۆمەڵگاشدا هەردەم لە هەوڵی پێشڕەویدا بوونە.

ئەمڕۆش ئێمە، كۆمەڵێك لە هونەرمەندان و نووسەران و ڕۆشنبیرانی كوردی دانیشتووی فنلەند، كە لە هەر پارچەیەكی كوردستانەوە هاتبین و دڵسۆزانی ڕۆشنبیری كوردی لە فنلەند، بۆ دووا نەكەوتن لەم كاروانە و دەرخستنی ڕووی گەشی هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیری كوردی لە تاراوگەدا، وەك هەمیشە سەلماندمان كە ڕۆشنبیران پێشڕەوی كۆمەڵن.

لەسەر ئەم بناغەیە و بۆ بەرز ڕاگرتنی وشە و هونەری كوردی، هەستاین بە دامەزراندنی (ناوەندی ڕۆشنبیری كوردی/ فنلەند).

بەم جۆرەش، شانازییەكی ترمان، بۆ خۆمان و هونەرمەندان و نووسەرانی كورد و گشت ڕۆشنبیران، تۆمار كرد.

پتەوتر بێت هاوخەباتی هونەرمەندان و نووسەران

پایەدارتر بێت ڕەوتی ڕۆشنبیری كوردی

هێلسینكی

٢٠٠٢/٠٢/١٩